# جیابونەوەی کوردستان، هەڕەشەکانی ئیسلامی سیاسی ناکام دەکاتەوە؛

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

پاشماوەیەك دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس‌و هاتنەمەیدانی ئیسلامی سیاسی بەوێنەی هیزێکی خاوەن دەسەڵات‌و پاشان بونی لە سەر تۆپکی هەرەمی سیاسی لەعێراقداو خۆکۆکردنەوەی ئیسلامی سیاسی سوننی‌و کارکردنی باندو تاقمە تیرۆرییستە ئیسلامیەکان وەکو باڵی عەسکەری ئەم هێزانەو خۆ فەرزکردنیان بەسەر پرۆسەی سیاسی عێراقدا، ڕاستەوخۆ کاریگەری دانا لەسەر بەرزە فڕی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بەرزبونەوەی کێرڤی سیاسی‌یان بەتایبەت دوای بڕیار دان لەسەر دەستوری هەمیشەیی عێراق کە بەتەواوی دەستوریکی ئیسلامی‌یە.

ئێستا پاش ئەوی کە ئەمەریکا ناچار بوە، مامەڵە بکات لەگەڵ تیرۆریزمی ئیسلامی لەلایەك‌ولە لایەکی دیکەوە پاش ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی بەهەردوو باڵی شیعی‌و سونی‌یەوە بەشێکە لەپرۆسەی سیاسی‌و پاش ئاڵوگۆڕێکی سیاسی کە لەناوچەکەدا ڕویدا بەحوکمی هاتنەمەیدانێکی بەرچاوو تاڕادەیەك گەورەی ئیسلامی سیاسی "ئیخوان موسلیمین" لە مصرو بەتایبەت پاش ئەوەی کە حەماس لە هەڵبژاردنی فەلەستیندا ڕێژەیەکی بەرزی بەدەستهێنا. وە پاش گەورەکردنی بلاوبونەوەی کاریکاتیرەکان لەدانیمارك لەلایەن ئیسلامی سیاسیی‌یەوە. هەروەها هاتنەمەیدانی ئەم بزوتنەوە کۆنەپەرستە لەئاستی جیهانیدا بەوینەی هێزیکی لغاو بەربوو کە پەلاماری هەموو خواست‌و ویست‌و ئارەزویەکی ئینسانی دەدات لە ماف‌و خواستە ئینسانیەکانەوە بگرە تاکو دەگاتە ئەوەی کە هێرش بکاتە سەر مافە ئینسانی‌و فەردی‌و مەدەنیەکان‌و لەوانە ئازادی ڕادەربڕین‌و تا ئەوەی کە هەوڵ بدات کە " قەدەغە کردنی ڕەخنە لە دین‌و مقەدەساتی دینی" بکاتە یاسایەکی نیونەتەوەیی‌و بیکاتە سەرلەوحەی ئامانجە بڕگەییەکانی خۆی لەم دەورەیەدا. دواتر پاش قوڵبونەوەی ئەزمەی ئەتۆمی ئێران‌و قوڵبونەوەی زیاتری ململانێی نێوان جمهوری ئیسلامی ئێران و حکومەتی ئەمەریکا، نەك تەنها لەسەر کێشەی ئەتۆمی‌و پیتاندنی یۆرانیوم، بەڵکو قوڵکردنەوەی ئەم کێشەیە لەلایەن ئەمەریکاوە تا ئەو جێگایەی جمهوری ئیسلامی وەکو مەلەفێك بهێنێتە بەردەم‌و بیکاتە سەرلەوحەی هەواڵە جیهانیەکان، بەتایبەت کە ئەمەریکا وەك ڕۆژی ڕۆشن دەزانێت کە لە عێراقدا چی سەرفکردوە چوە گیرفانی جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە!.... لە هەلومەرجێگی ئاوای نیوخۆی‌و جیهانی‌و ناوچەیی‌دا ئیسلامی سیاسی لە کوردستان تا بێت هەڕەشەکانی خۆی بۆ سەر خەڵکی کوردستان پەرە پێدەدات‌و فراوانی دەکاتەوە.

## *ئامانجی سیاسی،ئیسلامیەکان لەکوردستان، دەسەلاتی سیاسی‌یە!

بێگومان کەئیسلامی سیاسی لە کوردستان وەك هەر بزوتنەوەیەکی دیکە لەهەوڵی ئەوەدایە کە دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست‌و دەسەلاتێکی خۆجی‌ی‌ی ئیسلامی تیدا دابمەزرینێت، ئەمە کارو سیاسەت‌و ئامانجی هەر حزبێکی سیاسی‌یەو لەمبارەوە ڕەخنەیەك لەگۆڕێ نیە. بەلام ڕیگای ئیسلامی سیاسی بۆ ئەمکارەی چی‌یە لەکوردستان؟! ئیسلامی سیاسی لەکوردستان وەك هەر جێگایەکی دیکە تیرۆریزمی کردۆتە هۆکارو وەسیلەی سەرەکی خۆی لەپێناو گەیشتن بەم ئامانجەی. خێلی حەمە نمونەیەك‌و 1ی شوبات دانەیەکی ترو......... ئەمە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ڕۆشنە. بەلاّم ئەمجارە ئیسلامی سیاسی لە نێو هەراوهوریای بزوتنەوەی کۆنەپەرستی خۆیدا لە ئاستی جیهانیدا وەسیلەو هۆکاری دیگەی گرتە دەستەوە، ئەمجارە لەکوردستان هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی خۆتەقاندنەوەو دانانی ئۆتۆمۆبیلی بۆمب ڕێژکراو نەبوو. ئەمجارەیان ڕیگای شەریعەتیان تاقیکردەوە، ڕیگایەکیان تاقیکردۆتەوە ئەگەر بەری پێنەگیرێت‌و سەرکەوتوبن تیایدا ئەوە خەڵکی کوردستان دەخاتە بەردەم مەترسیەکی هیجگار گەورەوە. دیارە بەجیا لەوەی کە لەسەرەوە تەقلیەکی گەورەش بەناسیونالیزمی کورد لێدەدەن. ئەویش ڕیگای فەتوا دانە، فەتوادان‌و کوشت‌و بڕین‌و دەست‌و قاچ پەڕاندن‌و مل لێکردنەوەو فتوحات‌و ئەنفال‌و کوشتنی "گاوران‌و غەیرە دین" کۆلەکەیەکی سەرەکی ئیسلامیەکانە. ئیسلامیەکان لە کوردستان لە نەشئەی هاتنە مەیدانی بزوتنەوەکەیان لە ئاستی جیهانیدا، شمشێری خۆیان لە کێلان هێنایە دەرەوە، هەرچەندە دواتر بڕیك پاشگەزبونەوە بەلاّم بە بڕوای من جاری ئەم کەیسە کراوەیەو یەکلا نەبۆتەوە. ئەوان هاتن لە چەندین مزگەوت‌و دواتر لەسەر زمانی ڕابەرانی کۆمەڵی ئیسلامی‌یەوە ڕاستەوخۆ نەك هەر فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەییان دەرکرد، بەڵکو خواستی خۆیان لە سیغەی ئەمریدا هێنایە دەرەوە کە دەبیت بە پێی شەرع دادگایی بکریت! دیارە حوکمی شەرع بۆ مەریوان ئیعدام‌و کوشتنە. دیارە لە

چەند مانگی ڕابوردوو، ئەوە تەنها هەڕەشەی ئیسلامیەکانی کوردستان نەبوو. بەڵکوو پێشتر ئەوان بانگەوازی دەستورێکی ئیسلامیان کردوە بۆکوردستان، ئەمەیان هەڕەشەیەکی گەورەتر دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان.

ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بە پشت بەستن بە دەسەلات لە مەرکەزو پشتیوانەی حزبە ئیسلامیەکان لە دەسەلات بەتایبەت ئیسلامی سیاسی سوننی لە لایەك‌و لە لایەکی دیکەوە کۆمەکی بێ دریغی جمهوری ئیسلامی ئێران!! پێیان، دەیانەوێت هەنگاو بەهەنگاو تا ئەوکاتەی بۆیان دەلوێت‌و دەشێت، لەسایەی جەبونی ناسیونالیزمی کوردو ئاویزان بونی بە ئیسلامەوەو باوەشێن کردنیان‌و دانی پارەو پۆلی خەڵکی کوردستان پێیان، دەیانەوێت یاساو دەستوری کوردستان سەرتاپا بکەنە دەستورێکی ئیسلامی عەیارە 24. لەم نێوەدا ناسیونالیزمی کورد ڕۆلی قارەمانانەی خۆی دەبینێت لە پیناو پاراستنی مقدساتی ئیسلامی‌و تەنانەت تەئیدکردنی سیاسەت‌و خواستی ئیسلامی سیاسی( ڕاگەیاندنی پەرلەمانەکەی کوردستان سەبارەت بە کاریکاتێرەکانی دانیمارك لەمبارەوە بەرچاوە)!! بەلام ناسیونالیزمی کورد خەریکە بەم سیاسەتەی ڕەوتی سەرو لیژی خۆی دەداتە دەستەوە، وەکو فەتح لە فەلەستین، ئەوە بەجیا لەوەی کە خەڵکی کوردستانیش دەرگیر دەکات لەگەڵ ڕەشترین مێژوی ژیانی خۆیدا. بەلام ئیسلامی سیاسی لە خەباتی سیاسی خۆیدا زۆر زەلیل‌و کۆلەوارە، زۆر مایە پوچ‌و هەگبە بەتاڵە لەباری ئایدۆلۆژی‌و ڕۆشنبیری‌و ناوەرۆکی سیاسی تیزەکانیەوە، تووانای وەلامدانەوەی بەهیچ یەکیك لە نیازەکانی ئەمرۆی کۆمەلگای بەشەری نیەو لە بەرانبەریاندا چۆکی داداوە، بۆیە ناچارە تیرۆر وە تیرۆریزم بکاتە کۆلەکەیەکی سەرەکی وەزۆرجار تاکە کۆلەکەی بردنە پێشەوە سیاسەتەکانی یان مانەوەی خۆی.

عبدالخالق مەعروف لە کاتی حکومەتی بەعسدا وەك نوسەرێکی ئازادیخواز کە بڕیك لیکدانەوەی خۆی هەبوو لەسەر ئاینی ئیسلام بەدەستی حکومەتی بەعس نەکوژرا ئەو کاتیش عبدالخالق لەلایەن ئیسلامیە "شۆرشگێرەکانی شاخەوە!!"تیرۆر کرا، فاشیەتی ئیسلامی سیاسی لە ئەوجی هێزی بەعسدا گرەوی لە حکومەتی بەعس بردەوە. کە هێشتا هیچ دەسەلات‌و تەنانەت بنکەیەکی جەماوەریان نەبوو. مێژوی ئەم بزوتنەوەیە لە کوردستان مێژووی سەرکوتی شۆرشی ئێرانە بەهاوکاری رۆژئاوا. مێژووی هێنانە پێشی دەسەلاتی ئاخوندەکانی ئێرانە. ئەوان بەدەستی ئەوان دروست بوون یەکەم چالاکیان تیرۆرکردنی صەلاحی موهندس بوو لەکوردستان. پاشان تاکو 2 ساڵ دوای ڕاپەڕین هیچ بونێکی بەرچاویان نەبوو. وە تەنانەت هەندێکیان جورئەتی ئەوەیان نەبوو بەناوی حزبەوە خۆیان ڕابگەیەنن، بەلام شەڕی ناوخۆو کۆمەکی بێدرێغی "عەلمانیەکالنی کوردستان!1" پێیان وای لیکردن کە بۆماوەی زیاتر لە 8 ساڵ ناوچەی هەورامان و خەڵکە ناڕازییەکەی بە ئەسیر بگرن‌و زوخاویان دەرخوارد بدەن. ئەمە وێرای ئەوەی کە لەتەواوی کوردستاندا پێیان لێراکێشابوو لەسایەی پارەو پولی خەڵکی کوردستاندا کە لەلایەن هەردوو دەسەلاتی هەولێرو سلێمانیەوە بەسەریاندا تەخشان‌و پەخشان دەکرا، ئەمە وێرای کۆمەکی بێدرێغی جمهوری ئیسلامی ئێران‌و وولاتانی کەنداو دا سیاسەت‌و کارە دژە ئینسانیەکانی خۆیان پیادە دەکرد، لە فشار هێنان بۆ سەر خیزان‌و مندالاکانیانەوە بگرە بۆ خوێندنی وانەی ئاینی بە شیوەی نهینی‌و ئاشکرا لە مزگەوت‌و ماڵەکاندا تا دەگاتە فرۆشتنی حیجاب‌و تیزاب رژاندن بە پوزی ژناندا، تا تەقاندنەوەی سینەماو ئارایشتگای ژنان‌و دوکانەکانی ڤیدیوو سەتەلایت‌و مەشروب فرۆشەکان وتەنانەت دوکانی کۆنە فرۆشەکان بەدەستیان خواردی. بێدەنگ بونی ناسیونالیزمی کورد لەهەموو ئەم پەلامارانە، گەیاندنی بەوەی کە فتوحاتی خێڵی حەمەو 1ی شوبات پیادە بکەن‌و گروپی وەك شێخ زانا بەرهەم بهێنن‌و... تاکو تەقینەوەکەی مانگی ئۆکتۆبەری سلێمانی‌و.... ئەمە مێژوی ئیسلامیەکانی کوردستانە. ئەوان ئامانجی خۆیان بەڕۆشنی دیاریکردوە، لە گرتنی دەسەلات‌و سوکایەتی کردن بە کەرامەت‌و هەست‌و مافەسیاسی‌و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان. سەرکوتی تەواوی ئارەزوو هیوا سیاسی‌و ئینسانیەکانی خەڵکی کوردستان، نمونەکانی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بە لێشاوە، تیرۆریزمی جمهوری ئیسلامی یان تالیبان یان تیرۆریستە ئۆپۆزیسۆن‌و دەسەلاتدارەکانی ئێستای عێراق.

## *جیابونەوەی کوردستان، لە ئێستادا تەنها ڕیگای رزگارکردنی خەڵکە لە هەڕەشەی ئیسلامی سیاسی!

بەلاّم دەسەلاتداریّتی‌و تەنانەت قودرەتمەندی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا نەك حەتمی نیە، بەڵکو دەکرێت‌و لە باری عەمەلیەوە ممکنە کە ڕیگای لێبگیرێت‌و تەواوی خەون‌و ئامانجەکانیان ناکام بکرێتەوە. ئەگەر ئەوان لە عێراقدا شانسێکی زیاتر یان هەیە بۆ مانەوەیان لەسەر حوکم بۆ ماوەیەکی زیاتر، ئەوا لەکوردستان دەسەلاتدارنین‌و لەوەش گرینگتر خەڵکی کوردستان ڕیگایەکی ئاسانتر وە عەمەلی تری لە بەردەمدایە بۆ لەبارخستنی تەواوی سیاسەت‌و پراتیکی ئەم هێزانە. جیابونەوەی کوردستان‌و پێکهێنانی دەوڵەتێکی

سەرەبەخۆی مۆدیرن کە مافە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێبکات، لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا تەنها ڕێگای کارسازو فەوریيە کە پێویستە خەڵکی کوردستان لە ڕێگای بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی گشتی و ئازادو سەربەخۆوە بەدیبهێنن.

ئەمڕۆ لەسایەی هەلومەرجی سیناریۆی ڕەشی عێراقدا لەسایەی فراوانبونەوەی دەسەلأتی ئیسلامی سیاسی لە عێراق و ناوچەکەدا، ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ڕۆڵێکی بەرزفڕانە لێدەدات و بە ئاشکرا هەڕەشە لە خەڵکی کوردستان دەکات. بەئاشکرا ئازادییە سیاسیەکان سەرکوت دەکات و بەئاشکرا دەیەوێت تەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستان زەوت بکات و تەنانەت پێش ئەوەی دەسەلاتێکی هەبێت، دەیەوێت یاساو دەستوری خۆی بسەپێنێت. بۆیە جیابونەوەی کوردستان ڕێگایەکی فەوری و کارسازە بۆ پچڕاندنی هەموو ئەو کۆمەك و هێز وەرگرتنەی کە ئیسلامی سیاسی لەکوردستان بەهۆی بونی کوردستان لە نیو دەوڵەتی عیراقدا بۆی دەستەبەرکراوە. ئەمە ویرای ئەوەی کە جیابونەوەی کوردستان خەڵکی کوردستان بۆ هەتا هەتایە دوردەخاتەوە لە ستەمی قەومی و بەشێوەیەکی یەکجاری کۆتایی بەم مەسەلەیە دەهێنێت و لە هەمان کاتدا پێش دەگرێت بە هەلگیرساندنی شەڕی قەومی و دیسان خەڵکی کوردستان دور ڕادەگرێت لە ئاگری شەڕی تائیفی کە دەستی پێکردوە.

بۆیە ئەمڕۆ لە هەر کات و ساتێك زیاتر وە فەوری تر، خەڵکی کوردستان کەوتۆتە بەردەم دوڕیانێکی سیاسی جدییەوە. یان ئەوەتا لەسایەی دەستورێکی ئیسلامی عیراقیدا بە دەسەلاتی ئیسلامی سیاسیيەوە درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن کە جگە لە نەهامەتی و سەرکوت و شەڕی تائیفی و قەومی و فراوانبونەوەی زیاتری دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستان شتێکی تری لیٚ بەدی نایەت، یان کۆبونەوەو رێکخرابون بەدەوری ئەلتەرناتیڤی جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتیکی عەلمانی و غەیرە قەومیدا، بۆ لەباربردنی گشت خەون و ئامانجەکانی ئیسلامی سیاسی و بەدیهێنانی مافە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکانی خۆیان.